# دۆزەخ بەردەوام دەڵێت: ئایا زیاتر هەیە، هەتا پەروەردگاری بە شکۆ پێی لەسەر دادەنێـت، دۆزەخ دەڵێت: ئەوەندە بەسە، ئەوەندە بەسە، سوێند بە شکۆداریت، هەموو لایەکانی دۆزەخ تێکەڵ دەبن بەناو یەکتردا ودۆزەخ بەرەو دواوە دەکشێتەوە

لە ئەبی ئەنەسی کوڕی مالیکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «دۆزەخ بەردەوام دەڵێت: ئایا زیاتر هەیە، هەتا پەروەردگاری بە شکۆ پێی لە نێو دادەنێـت، دۆزەخ دەڵێت: ئەوەندە بەسە (کە لەنێومدایە)، ئەوەندە بەسە (کە لەنێومدایە)، سوێند بە شکۆداریت، وهەموو لایەکانی دۆزەخ تێکەڵ دەبن بەناو یەکتردا ودۆزەخ بەرەو دواوە دەکشێتەوە».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

خوای گەورە بە دۆزەخ دەفەرموێت: ئایا پڕ بوویت؟ چونکە خوای گەورە پەیمانی داوە کە پڕی بکات لە جنۆکە وخەڵکە تاوانکار وکافرەکان، ئەو زاتە -سبحانه وتعالى- فەرماندەکات بە خستنە دۆزەخی ئەوانەی فەرمانیان لەسەر دراوە کە بکرێنە دۆزەخەوە، ودۆزەخ دەڵێت: ئایا زیاتر هەیە؟ واتا: کەسی زیاتر هەیە لە جنۆکە ومرۆڤە تاوانکەر وکافرەکان کە بخرێنە دۆزەخەوە؟ هەتا پەروەردگاری شکۆدار پێی دەخاتە نێو دۆزەخەوە، ودۆزەخ دەڵێت: ئەمە بەسە ودەکشێتەوە وهەموو لایەکانی دەچێـت بەناوی یەکتردا. ونابێت بووترێت مەبەست لە (پێ - قَدَم) لێرەدا ئەوانەیە کە خوای گەورە لە پێشتردا کردیانیە دۆزەخەوە کە بە عەرەبی پێی دەووترێت (قَدَمَهم، واتە: ئەوانی پێش خست)، ونە جگە لەمەش لە لێکدانەوە پووچەکانی تر، بەڵکو واجبە کە باوەڕمان هەبێت بەوەی کە خودا پێی هەیە وئەم بیروباوەڕ دووپات وجێگیر بکەینەوە بە بێ لادانی لە واتا ڕاستەقینەکەی وبە بێ پەکخستنی ونەهێشتنی واتا ڕاستەقینەکە وبە بێ لێکدانەوەی چۆنیەتی وبە بێ چواندنی بە بوونەوەر ودروستکراوەکان.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/8312